# بەرهەمەکانی چیخۆف دەکرێنە کوردی

● ئا: سیروان عەباس

شاعیر و وەرگێڕ ڕەسوڵ سوڵتانی، بەرهەمەکانی نووسەری نێوداری رووسی ئەنتوان چێخۆف وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و دەڵێت: لە کتێبێکی 10 بەرگی پێکهاتووە.

ڕەسوڵ سوڵتانی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبەکە لە 10 بەرگ پێکهاتووە و هەر بەرگێکی 450 بۆ 600 لاپەڕە دەبێت، چوار بەرگیان چیرۆکن و ئێستا تەواوبوون، دوو بەرگ شانۆنامە، سێ بەرگیش ئەو نامانەیە کە چیخۆف بۆ کەسایەتییەکانی ناردووە و وەڵامەکەی بۆ گەڕاوەتەوە. بەرگێکیشی دوورگەی سەخالین-ە.

سوڵتانی هەروەها دەڵێت: "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی جەمال عیرفان ئەرکی چاپکردنی ئەو کتێبەیان گرتووەتە ئەستۆ".

کورتەچیرۆک و شانۆنامەنووسی رووسی "ئەنتوان پاڤلۆڤیچ چێخۆف" لە ساڵی 1860 لە شاری تاگانرۆگ لە باشووری رووسیا لەدایکبووە و ساڵی 1904 کۆچی دوایی کردووە.

شاعیر و وەرگێڕ ڕەسوڵ سوڵتانی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە، جگە لە دیوانە شیعرییەکەی، 20 پەرتووکی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

# نامە تایبەتییەکانی ئەدیبانی کورد چاپ دەکرێن




● ئا: پەسار فایەق

سەباح ڕەنجدەر، نووسەر و شاعیر، نوێترین کتێبی خۆی بڵاوکردەوە کە چەندین نامەی تایبەتی ئەدەبیانی کورد لەخۆدەگرێت.

کتێبەکە بەناوی "نامەی نێوان ئەدیبان"ـە و لە 82 لاپەڕەی قەبارە ناوەند پێکهاتووە و لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردییە.

ئەم بەرهەمە کە دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبیاتی نامە گۆڕینەوە، 21 نامەی 18 نووسەر و ئەدیب لەخۆدەگرێت، لەوانە: عەبدوڵڵا سەراج، کاروان کاکەسوور، جەمال غەمبار، ناڵە حەسەن، هیوا قادر، فەرهاد شاکەلی و قادر مینە.

لە بەشێکی نامەیەکی عەبدوڵڵا سەڕاج، نووسەر و ڕۆماننووسدا، بۆ سەباح ڕەنجدەر، هاتووە: "ئەفراندنی ڕۆمان، نە کرداری وەڵامدانەوەی پرسیارەکانە، نە دۆزینەوەی چارەسەری دیاردەکانە، بەڵکو هەڵمەتبردنە رووە و چەمکی جوانی".

هەروەها لە بەشێکی نامەیەکی هیوا قادر، نووسەر و شاعیردا، بۆ ڕەنجدەر، هاتووە: "زۆرجار نووسین بە کارێکی عەبەسی و هیچ دەزانم و ڕێ بە خۆم دەدەم تەنیا ئەو حاڵەتە شیعرییانە وەک لەزەتێکی ڕۆحی خۆم تا دوا تنۆک هەڵیمژم و لەگەڵیدا بژیم، بەڵام خۆت دەزانیت ئەو دەسەڵاتە نادیارەش هەمیشە قایل نابێت بێدەنگ بێت و بڕوات".

# پشکۆ نەجمەدین لە عیشقی مەولانا دەکۆڵێتەوە

● ئا: سیروان عەباس

شاعیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین نوێترین بەرهەمی خۆی لە توێی کتێبێکدا بە ناوی «جیلوەی عیشقەکەی مەولانا و شەم» چاپ و بڵاودەکاتەوە کە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت.

پشکۆ نەجمەدین بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: کتێبەکەم لە سێ بەش پێکهاتووە: «عیشق، عیرفان و لێکۆڵینەوە لە عەشقی مەولانا بۆ شەمس و وەرگێڕانی شیعرەکان. لەو کتێبەدا زیاتر لە عیشقی تەسەوف و عیرفانی دەکۆڵمەوە».

پشکۆ نەجمەدین باس لە کتێبێکی دیکەی شیعری دەکات کە ئامادەیە بۆ چاپکردن و دەڵێت: «کتێبێکی شیعریم ئامادەیە بۆ چاپ بە ناوی مەستم بە شەرابی عیشقت. ئەو کتێبە بەرهەمی سێ ساڵی نووسینی شیعرەکانمن و لە شیعری عاشقانە و تەسەوف پێکهاتوون».

پشکۆ نەجمەدین، ساڵی 1953 لە گوندی عەبابەیلێی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لەدایکبووە. ساڵی 1977 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی کشتوکاڵدا لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. ساڵی 1974 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە. دواتر لە ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا چەندین پۆستی حیزبی دەبڕێت و لە ساڵی 1989 دەچێتە ئەوروپا. ساڵی 1992 بەیەکجاری لە کاری سیاسیی دووردەکەوێتەوە و خۆی بۆ ئەدەب تەرخان دەکات، تاوەکو ئێستا خاوەنی 20 کتێبی چاپکراوە، لەوانەش بیرەوەرییەکانی خۆی بەناوی «ئەزموون و یاد» کە یەکێکە لە ناودارترین ئەو کتێبانەی لەبارەی بیرەوەرییەکانی سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتی نووسرابن.








# ئیزابێل ئەلێندی.. برین و مەنفا


نووری بێخاڵی

**ژنێک هەمیشە بەسەر پشتی کۆچەوە**

ئیزابێل ئەلێندی، ژنە ڕۆماننووسی چیللی، کچی تۆماس ئەلێندیی دیپلۆماتکار و دۆتمامی (سلڤادۆر ئەلێندی)ی سەرۆکی پێشووتری چیللییە کە بە کودەتایەکی سەربازی و خوێناوی لەلایەن (پینۆشێ)ی دیکتاتۆرەوە، کۆتایی بە خۆی و دەسەڵاتدارێتییەکەی هێنرا. ئیزابێل کە بە زمانی ئیسپانی دەنووسێت، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ڕەوتی چەپە ئازادیخوازەکانی دونیا و وەک کەسایەتییەکی چالاکی ناو مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە جیهاندا و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان ناسراوە. ئەلێندی لە ئابی 1942 لە شاری لیمای پایتەختی چیللی لەدایکبووە. لە ژیان و کاروانی نووسیندا زیاتر لە 30 خەڵاتی گرنگی ئەدەبی لە پای نووسینەکانی وەرگرتووە و ساڵی 2014 ش (باراک ئۆباما)ی سەرۆکی ئەمریکا (مێدالیای ئازادی)ی پێ بەخشی. بەردەوامیش یەکێک بووە لەو ناوە دیارانەی کە بۆ خەڵاتی نۆبڵ کاندید بووە.

باوکی ئیزابێل باڵیۆز بوو ئەو کاتەی لە دایکی جیابووەوە، بۆیە دایکی دەستی هەرسێ منداڵەکەی دەگرێ و دەگەڕێنەوە چیللی و تا ساڵی 1953 لەوێ دەمێننەوە. دواتر دەچنە بولیڤیا و لەوێ لە قوتابخانەی تایبەتی ئەمریکی دەچێتە بەر خوێندن. پاش دوو ساڵ مانەوە لەوێ، لەگەڵ خێزانەکەی ڕوو دەکەنە لوبنان و لەوێش لە قوتابخانەیەکی تایبەتی بەریتانی درێژە بە خوێندن دەدات و ساڵی 1958 لەگەڵ دوو براکەی دەگەڕێنەوە وڵاتی دایک و خوێندنی دواناوەندی لەوێ تەواو دەکات.

گەشت و کاریگەرییەکانی لە یادەوەریی ئیزابێلدا، گەڕانی ئەم وڵات و ئەو وڵات، گەشتی خەیاڵی و بینینی شار و ئاوایی سیحراوی و سەرنجڕاکێش، ئەزموونکردنی دیمەنی جیاوازیی ژیانی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی و سۆزی دایکی، پەیوەندیی گەرم و توندوتۆڵی بە دایکییەوە، هەموو ئەوانە وەک نەخش لە یادەوەریی ئیزابێلدا مانەوە و دونیای منداڵیی ئەویان ڕەنگاوڕەنگتر کرد. جگە لەم وێستگانە، کاریگەریی میراتی سیاسیی خێزانەکەشیان، ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیان و زمان و شێوازی نووسینی هەبوو، تا ئەوەی کە تەواوی نووسینەکانی شێوازی ڕیالیزمی سیحراوییان بەسەردا زاڵ بوو، هەر بەو شێوازی گێڕانەوەیەش ناسرا و لە نووسەرەکانی دیکە جیا دەکرایەوە.

**کودەتای سەربازی و ئیزابێل**

سەرەڕای ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی گەڕان و سوڕان بە وڵاتاندا و کاریگەرییان لەسەر دەوڵەمەندکردنی خەیاڵی منداڵیی ئەو، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە بەهۆی ئەو هەموو گەڕان و دابڕانە، خۆی وەک بەدبەختترین هەرزەکار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێتە بەرچاو. دوای گەڕانەوەی لە لوبنان، نزیکەی بیست ساڵی تەمەنی لە وڵاتەکەی بردە سەر، تا کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1973 ی پینۆشێ بەسەر حکومەتی سۆسیالیستیی (سلڤادۆر ئەلێندی) دا. دوای دوو ساڵی پڕ لە ترس و لەرز و چەرمەسەری، ئیزابێل ساڵی 1975 لەلایەن کودەتاچییەکانەوە بە زۆرەملێ بۆ ڤەنزوێلا دوورخرایەوە. لە نێوان ساڵانی 1959 – 1965 لە سانتیاگۆ و دواتر لە برۆکسل و هەندێ وڵاتی دیکەی ئەوروپی، لەگەڵ ڕێکخراوی (فاو)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری دەکرد. لە نێوان ساڵانی 1964 — 1974 لە چیللی وەک ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و بواری فیلمی دۆکیۆمێنتاریدا کاری کردووە، ساڵی 1967 بووەتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پاولا – گۆڤارێکی ژنانە) و دوای ئەویش هی گۆڤاری (مامبۆ)ی منداڵان. لە نێوان ساڵانی 1975 – 1984 لە ڤەنزوێللا لە گۆڤاری (ناسیونال) کاری کردووە.

**ئیزابێل و سیحری شۆککردنی خوێنەر**

یەکێک لەو خەسڵەتە ئەدەبی و ئەو شێوازە جیاوازەی نووسین کە ئەم ژنە ڕۆماننووسەی پێ دەناسرێتەوە، ئەوەیە کە بوێرانە پەنجە دەخاتە سەر ورد و درشتی ڕووداوەکان، هیچ تاوانێک ناشارێتەوە، وەک ئەوەی لەگەڵیاندا ژیاوە و شایەتحاڵیان بووە، دەیانگێڕێتەوە. هاوکات کاراکتەرەکان چەندەش ناسراو بن، بەبێ ئەوەی ترسی هەبێت و پاساوی ڕفتارەکانیان بداتەوە، یان بەرگرییان لێ بکات، ناویان دێنێ. هونەرێکی دیکەی ئەوەیە، توانای ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری هەیە، توانای ئەوەی، خوێنەر بخاتە بەردەم پرسیار و گومان و گەڕان. توانای ئەوەی، وا لە خوێنەر بکات هەست بکات شتێک لەو نێوەدا ونە، ئەڵقەیەکی زنجیرەی ڕووداوەکان دیار نییە. بەتایبەتی کە ئەو هیچ کات وێنەی تەواوی کاراکتەرەکانی ناکێشێ، بەڵکو هەمیشە گۆشەیەکی شاراوە لە ژیانیان جێدەهێڵێ، بۆ ئەوەی خوێنەر لە شوێنکاتێکی دیکەی ڕووداوەکاندا، ئەو گۆشانە بدۆزێتەوە و ئەڵقە پچڕاوەکان بخاتەوە شوێنی خۆیان.

**(ماڵی ڕۆحەکان) و سێبەرەکانی ترس**

کودەتای سەربازی و دەرهاوێشتەکانی، کاریگەرییەکی نەرێنی و زۆر قورسیان کردە سەر باری دەروونیی ئیزابێل، ئەویش بەهۆی نزیکایەتی لە سەرۆکی وڵات کە هەر ئەم نزیکایەتییەش وای کرد، کودەتاچییەکان ناوی بخەنە لیستی دوژمنە سەرسەختەکانی ڕژێمەکەیان. ئەلێندی لەم ڕۆمانەیدا، دیمەنەکانی بە زۆر ناچارکردنی بۆ بەجێهێشتنی وڵاتەکەی و دوورخستنەوەی بۆ ڤەنزوێللا وەک ڕووداوێکی تراژیدی دەگێڕێتەوە. ڕۆمانی (ماڵی ڕۆحەکان) کە یەکەم ڕۆمانیەتی و لە ماوەی 10 ساڵ مانەوەی لە شاری کاراکاسی ڤەنزوێلا نووسیویەتی، گێڕانەوەی ڕووداوە تاڵەکان و وێنەگرتنی دیمەن و گرتەی ئەو ساتەوەختە ئازاربەخشانەی دوای کودەتا سەربازییەکەن. دیمەنگەلێک کە وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، چیتر لە چاوی ئەودا، چیللی وڵاتە جوان و دڵبەرەکەی جاران نەماوە. ئەلێندی لەوێدا باس لەو چرکەساتە ترس و بیم ئامێزانە دەکات کە چۆن لەژێر هەڕەشە و چاوترساندنی کودەتاچییەکاندا، هەستی بە ماندووبوون و شەکەتی، دڵەڕاوکێ، ترس و لەرزێکی زۆر کردووە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا و لە ساتەوەختی بەزۆر دوورخستنەوەی لە نیشتمانەکەی، بیری نەچووە، مشتێ خۆڵ لە خاکی وڵاتەکەی، لەناو باخچەی باپیرەیدا بە دزییەوە بخاتە جانتاکەی و لەگەڵ خۆیدا بیباتە غوربەت، تا لە ساتەکانی تەنیایی و بیرکردنی نیشتمان و سەختییەکانی غوربەتدا، دڵی خۆی بە بۆنکردنی بداتەوە.


(ماڵی ڕۆحەکان) سەرەڕای وێناکردنی چەرمەسەرییەکانی کودەتا سەربازییەکە، هاوکات خود نووسینەوەیەکی وردیشە، بەو مانایەی، لەو ڕۆمانەیدا و لە ڕێگای کاراکتەرە سەرەکییەکەیەوە، نووسەر خۆی دەنووسێتەوە. ژیانی منداڵیی خۆی، گەشت و گەڕانەکانی، گەنجێتی، جێ بەخۆنەگرتوویی، کارکردنی لە پایتەختەکانی وڵاتان، کارکردنی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و دۆکیۆمێنتاری کە هەموویان ئەزموون و سەرچاوەی گرنگ بوون لە دەوڵەمەندکردنی گەنجینە مەعریفییەکەی.


**(پاولا) برینێک کە دەبێتە هەوێنی داهێنان**


ئەو تاکە ڕاستییەی کە گفتوگۆ هەڵناگرێت، مردنمانە.. مردن، ئەو پرسە جەدەلییەی کە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی شەبەنگی هۆشیاریدا، عەقڵی مرۆڤایەتی زۆر هەوڵی دا فێڵی لێ بکات، وەلێ هەرگیز نەیتوانی نە تێیبگات و نە بیخوێنێتەوە. ئیزابێل ئەلێندی، دوای گەڕانەوەی لە لوبنان بۆ وڵاتەکەی و پاش تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی دواناوەندی، لە تەمەنی بیست ساڵیدا لەگەڵ میشێل فێریاس (قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری) خێزانیان پێکهێنا و دوو منداڵیان خستەوە (پاولا 1963 و نیکۆلاس 1966). یەکێک لەو ڕۆمانە گرنگانەی کە ئێزابێلی پێ ناسرا، ڕۆمانێک کە زووخاوی ئازارێکی قووڵی لێ دەتکێ، کێمی برینێکی سەخت دەردەدات، ڕۆمانی (پاولا)یە. پاولا بە تەنیا گێڕانەوەیەکی ئەدەبی نییە لە توێی زمانێکی باڵا و خەیاڵێکی هونەریی بەرزدا، بەڵکو سەربوردەی گریانێکی هەمیشەیی دایکێکە لەگەڵ کۆستی مردنی جگەرگۆشەکەی. مەگەر هەر تەنیا دایکیش بزانێ کە ژانی لەدەستدانی منداڵ چەندە قورس و ئازاربەخش و تاقەتپڕوکێنە! شۆکی گەورە، ڕووداوی جەرگبڕ، برینی قووڵ لە ژیانی ئیزابێلدا لەدەستدانی (پاولا)ی کچیەتی. پاولای نۆبەرەی کە دوای ململانەیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیی (شێرپەنجە) و مانەوەی لە حاڵەتی لەهۆشخۆچوونی درێژخایەن لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە، گیانی دەسپێرێ. ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئەوەی برینێکی کردە ژیانی نووسەرەوە، وەک هەر دایکێک کە بە بەرچاوییەوە، وردە وردە گەڵای تەمەنی جگەرگۆشەکەی سیس دەبێت و بەبێ ئەوەی بتوانێ هەناسەی ئومێدێکی ژیانەوەی بداتەوە بەر، وەلێ دواجار ئەم برینە دەبێتە هەوێنی کارێکی ئەدەبیی ناوازە و یەکێک لەو شانازییە ئەدەبییانەی نووسەر لە دونیادا. ئیزابێل لەبارەی لەدەستدانی کچەکەی زۆر بە کورتی دەنووسێ: ”کاتێ کچەکەمیان برد، گەنجێکی زیندوو و پڕ ژیان و خەون بوو، وەلێ بە جەستەیەکی سارد و سڕەوە گەڕاندیانەوە“.

نووسەر جیا لە سەرکەوتن بەسەر تەکنیکەکانی ڕۆماننووسیدا، لەم ڕۆمانەیدا وەک سروشتی دایکێکی ڕاستگۆ، سەربوردەی خێزانەکەی و ژیانیان لە چیللی و هەموو ئەو ڕووداوانەی بە چاوی خۆی بینیونی، گێڕاوەتەوە. تەنانەت لە ڕۆمانەکەیدا، وردەکاریی دیمەن و گرتەکانی کچەکەی کە لە چاوەڕوانییەکی کوشندەی نێوان مردن و ئومێدی ژیانەوەدا بووە، لەبیر نەکردووە. لە هەموویشی جوانتر، گێڕانەوەی هەستی دایکانەیەتی بەرامبەر پاولا، چ لە ژیانی پێشووی خۆی، یان ئەو چرکەساتانەی کە بە درێژایی نەخۆشییەکەی لە تەنیشت کچەکەی بووە. ئیزابێل لەبارەی بیرۆکە و بەرهەمهاتنی ئەم ڕۆمانە ئاوا دەنووسێت: ”نەخۆشییەکە چەند مانگێکی خایاند، دواتر لەگەڵ بەسەرچوونی کات، ئەم ڕستە کەمانەی ناو بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەم بەدیار کچەکەمەوە، بوونە کتێبێک. بوونە ڕۆمانێک لە شێوەی یادەوەریی تەواوی خێزانێک کە لاپەڕەکانی ژیانی پڕن لە ئەزموون“.


ڕۆمانی پاولا ئەگەرچی گێڕانەوەی ئەو کۆستەیە، بەڵام نووسەرەکەی ژنێکی خۆڕاگر و بەهێز بوو، توانی ژان و ئازاری ئەم کۆستە بکاتە بەرهەمێکی ئەدەبیی ناوازە. خاڵی هەرە سەرنجڕاکێش لەم کارەی ئیزابێلدا ئەوەیە، تەواوی داهاتی ئەم ڕۆمانەی بەخشییە سەنتەری چارەسەریی شێرپەنجە تا ئەوەی، بەم ڕستەیە کۆتایی بەم داستانەی بێنێ و بڵێ: ماڵئاوا پاولای ژن، بەخێربێیت، پاولای ڕۆح.







**یەک لە کەلێنەکانی تری ئەو نارێکییە لە زنجیرەی ڕووداوەکاندا، بۆ نموونە، لە بەشی (ڕێکخستنەکانی حیزب لە سوپای عێراقدا. ل 193)، زۆر نابا دەچێتەوە سەر کێشە و ململانێکانی ناوخۆیان و پرۆژەی باڵە جیاجیاکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و (کۆبوونەوەی 65).**




# بیرەوەرییەکانی (فاروقی مەلامستەفا)... سەرنج و تێبینی



ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

## بەشی دووەم و کۆتایی

پێکهێنانی ڕێکخراوی میلیشیایی (مقاوەمەی شەعبی) کە ئینکار ناکرێ حیزبی شیوعی دەستێکی باڵای هەبوو لە دروستبوونیدا و یەک لە ئەفسەرەکانی سەر بەو حیزبە بەناوی عەقید تەها بامەڕنی سەرکردایەتی دەکرد، ئەمە یەک لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی و توندوتیژیی بەرامبەر بوو، دیاردەیەک کە بووە بنەما و سەردەقشکێن و پەیڕەوێکی ناشرینی نەخوازراوی ژیانی حیزبایەتیی توندوتیژ و زبر لەم عێراقەدا، ئەوە بوو بەدویدا (حەرەس قەومی) و دواتر (جەیشی شەعبی) و ئێستاش (حەشدی شەعبی)ی بەدناو سەریان هەڵداوە، وەک قامچییەک بۆ گازەرای پشتی میللەت، ئیتر هەر حیزبە و نینۆکی ببووایە سەری خۆیی پێ بخورێنێ، بەر لە هەموو شت هەوڵی پێکهێنان و ڕێکخستنی میلیشیایەکی تایبەتی دەدا بۆ خۆی، ئەویش بۆ مانەوە و بەردەوامی لەو ژیانە سیاسیە گرژەی ببووە سیمای پێکەوە هەڵکردنی حیزبایەتی لە وڵاتدا، بەمەش چەک جێی پرەنسیپ و لۆژیک و بیروباوەڕی گرتەوە.

دیارە هەر بە پشتی ئەو مقاوەمە شەعبییەش بوو کە کوشتار و زەبر و زەنگەکانی ناو بەغدا و کەرکووک و مووسڵ و شارەکانی تر دەقەومان و ئەمانە بوونە زەلکاوی پەنگخواردنەوەی ڕق و بوغز و کینەی تۆڵەکردنەوە و کوشتاری بەرامبەر. جێی سەرنجە هیچکام لەو بەڕێزانەی پێشتر ناوم بردن، لە بیرەوەرییەکانیاندا بەتەقەی تفەنگیش نەچوون بەلای ئەم باسەدا!

(لەوێ – لەبینای ئیزگەی ڕادیۆی بەغدا – بەبێ هیچ دادو دادگاییەک لەگەڵ فازڵ مەهداوی و تەها شێخ ئەحمەد و وەسفی تاهیر، بەدەم هوتافی مەردانەیانەوە بە – هەربژی گەلی عێراق و بژی حیزبی شیوعی – شەهید کران- ل 110)

لە گێڕانەوەی ئەم کۆتاییەی قاسم و هاوەڵانیدا، نووسەر کەمێ بەهەڵەدا چووە، وەک گێڕانەوەکانی بانیخێلانی و ئەحمەد حامید کە لەکاتی خۆیاندا بۆم ڕاستکردوونەتەوە، بەپێی ئەو هەموو سەرچاوانەی وان لە کتێبخانەکاندا، کۆتایی قاسم و هاوەڵانی لەوەوە بوو کە:

یەکەم: هەر ئەو ڕۆژی 8 شوباتە بەغدا کۆنترۆڵ نەکرا، قاسم و هاوەڵانی لەبینای وەزارەتی بەرگریدا مابوونەوە، لە دەرەوەش ڕووبەڕووبوونەوە دژ بە کودەتاچییەکان هەبوو.

دووەم: بۆ سبەی کە قاسم و ژمارەیەک لە ئەفسەرەکانی دەستگیرکران، نەکوژران، ڕووداوەکە ئاشکرایە، سەرچاوەش پڕی بازاڕە. لە نیوەڕۆی 9/2/1963 پاش وتوویژ و گفتی درۆ دەخرێنە ناو یەک لەو تانکانەی دەوری وەزارەتی بەرگریان دابوو، بران بۆ بینای ئیزگەی ڕادیۆی بەغدا لە ساڵحییە، سەرانی کودەتاچییەکان گشتیان لەوێ بوون، بە عەبدوسسەلام و ئەحمەد حەسەن و عەمماشەوە... (عەبدوللەتیف سەعدون) کە بێژەرێکی ئیزگە بوو، دەڵێ: (لە نۆی شوباتدا وام بۆ ڕەخسا کە بەچاوی خۆم ئەو ساتە ببینم. کە هێنایاننە ناو بینای ئیزگەوە، لەسەرخۆ و خۆڕاگر، چاوەکانی بەناو ئەو دوو ڕیزە سەربازانەدا گێڕا کە لەملاولای ڕاڕەوەکە وەستابوون، ئیتر برانە هۆڵی مۆسیقا و بەئامادەبوونی عەبدوسسەلام و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، دادگاییەکی سەرپێیی کران، هەر لەوێدا فەرمانی گوللەبارانکردنیان جێبەجێ کرا، بەمجۆرە قۆناغێکی خوێناوی لە مێژووی عێراق کۆتایی هات تا یەکێکی لەو خوێناویتر دەستپێبکات). (1)

ئەوئەفسەرەیفەرمانی گوللەبارانکردنەکەشی درایە، مولازم (عەبدولمونعیم حەمید عەلی) بوو، ئەو بێژەرەی هەواڵی ئیعدامکردنەکەیانی خوێندەوە کچەکەی نازم تەبەقچەلی بوو. لەگەڵ عەبدولکەریم فازڵ مەهداوی و تەها شێخ ئەحمەد و خەلیل کەنعان ئیعدام کران، لە ساتەوەختی گوللەبارانکردنەکەشدا قاسم هاواری کردبوو: (لا...لا...لا...) . هەرچی وەسفی تاهیر و ماجید محەممەد ئەمین و جەلال ئەوقاتی بوو، هەریەک لە شوێنی جیا جیا کوژران.

بەڵام (هوتافە مەردانەکانیان بە هەر بژی گەلی عێراق و حیزبی شیوعی- ل 110) ئەوە شتێکی خەیاڵئامێزە، نە ئەوکاتە پڕ لە بیم و شپرزەییە بواری ئەو جۆرە هوتافانە دەدا و نە ئەو چوارەش ئەندامی حیزب بوون تا بە ژیانیدا هاوار بکەن.

زۆر جار لە باسی بەداراکردن و کوشتن و لەناوبردنی کەسانی ناودار و دیاردا، لاپەڕەکانی مێژوو دەڕازێنرێنەوە بەمجۆرە قسە و هاوارانە و لەڕاستیشدا گشتی (ئاواتخواستن و تەمەنناو کاشکی)ن کە بۆ ئەو داماوانە لە ساتەکانی کۆتاییاندا دەهۆنرێنەوە، ئەگەرنا کێ ئاگای لە هۆش و دەروونی شڵەژاوی ئەو قوربانیانەیە کە مەرگ یەخەی گرتوون؟

جارێکیان ناپلیۆن بۆناپارت لە خێوەتەکەی خۆیدا هەواڵی کوشتنی یەکێک لە جەنەراڵە ناودارەکانی پێ ڕادەگەیەنن، لە پیاوەکانی عەبدولکەریم قاسمدا ڕوویدا، سیاسەتەکە هەتا کودەتای 1963 درێژەی کێشا ل 108) سەدان ئەندام و بەرپرسی ئەو حیزبی شیوعییەی لە بەندیخانەکان خزاندبوو، لە کودەتاکەدا بەئاسانی ئەوانە کەوتنە دەست کودەتاچیان و گەلێکیان لێ ئیعدام کردن.... ئیتر (بژی حیزبی شیوعیی چی؟!)

سەبری یوسف مامۆستا بوو، لە لیژنەی محەللی سلێمانی بوو، پێی دەڵێ: (لە کوردستانیش لایەنێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەباتی هاوکاری و هەرەوەز لەگەڵماندا توندوتیژیمان بەرامبەر ئەنوێنن و هەڕەشەی لێدان و داپڵۆسینمان لێ ئەکەن. ل 118).

بە زیمنی، نەک بە ئاشکرا، نووسەر باس لەو لایەنەی پارتی دەکات کە لە ساڵی 1963دا بەتوندی دژیان وەستایەوە هەتا ئاستی هەڵکوتانە سەر بنکەکانیشیان و خوێنڕشتنیش، شەڕی وەڵەسمت/ وەڵەسمتی سەرووی شانەدەری، کە لە شاردا دەنگۆی ئەوە هەبوو خدر شەوکەت لێپرساوەکەیانە و بریندارانی پێشمەرگەشیان هێنایەوە نەخۆشخانەی سلێمانی، هەروا شەڕی بەمۆ و قەرەداغ و....

ئەمە لەلایەن بەرپرسانی پارتیی ئەو ڕۆژە لە دەڤەری سلێمانی کە مامەڵەیەکی توند و ڕەقیان هەبوو بەرامبەر شیوعی و هەڵاتووانیشیان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە، لە کاتێکدا بارزانیی نەمر بروسکەی بۆ گشت هێزەکان نارد کە هەڵاتووانی شیوعی بگرنەخۆ و بیانپارێزن. هەر لەم هەڵوێستە مرۆییانەوە بوو کە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا لە ساڵی 1992 ، کۆچکردوو عەزیز محەممەد ڕایگەیاند کە (بارزانی فرمێسکی لەچاوی ئێمە (با داوای لێبووردن لە حیزبی شیوعی و کەسوکاری ئەو شەهیدە سەربەرزانە بکەن. ل 124) ئەم باسە لە لاپەڕە 325 دیسان بروسکەئاسا دووبارە دەبێتەوە.

کانی ماسی خوار شار و ئەو تاوانانەی بەو ناوەوە ناسراون و ئەحمەد حامید بە (قەسابخانەی شیوعی کوشتن لەکانی ماسی) ناوی دەبات، لە 9/10/1964دا کرا، کۆمەڵێ تاوانباری ڕاستەقینە لە سلێمانیدا کەوتنە تیرۆرکردنی هەندێ ئەندام و کادری شیوعی. لەسەر ئەم تاوانە ناجوامێرانەیە دەرهەق بە کەسانێکی سەر بە بیروباوەڕێکی جیاواز ژمارەیەک نووسین و ڕوونکردنەوە و پاکانە لێرە و لەوێ نووسراون، زۆریان دەستشووشتنە لە نەخشەکێشان و ڕاپەڕاندنی کارە پیاوکوژییەکە، تەنیا دوویان بوێرانە بەپێداگری لە بۆچوونی خۆیان نووسراون: (ساسان محەممەد دەروێش نادر: نامەیەکی کراوە، هەڵاڵە – گۆڤار ژ 6 ی ساڵی 2000 ئاڵمان ل 33) و (حەمەسەعید حەسەن: کانی ماسی، هەواری کەنارشاری بکوژان، پەیام – بڵاوکراوە 23 ی مارس 2001 لەندەن ل 24)، ئەوانیدی سڕینی دەستە چەورەکەیە بەسەر ئەم و ئەودا، بەتایبەت ئەوانەی ناو گۆڤاری (باسکار/ لەندەن) کە گرێی هەستکردن بە تاوان قەڵەمەکانیانی بزواندووە (بڕوانە: باسکار ژمارەکانی 3 – 7ی ساڵی 2000 ، مشتومڕی نێوان سەرانی ئەو ڕووداوە).

لێرەدا کەمتەرخەمی و گلەیی دەکەوێتە سەر ڕێکخراوی ئەو حیزبە لە سلێمانی کە چۆن تۆمار و فایلی ڕاستیی ئەو ڕووداوانەی پشتگوێ خستووە؟ کەسە دیارەکانی ئەو تاوانانەی دەستنیشان نەکردووە؟ نەک هەر ئەمە، حیزبەکە زۆر کەمتەرخەمترە لەئاست

پرسی: دوا قسەی جەنەراڵ چی بوو؟ پێیانگوت: جەناب لەتاو ئازاری گیانی تا دواهەناسە هەر دەیناڵاند. ناپلیۆن یەکسەر ڕووی دەمی کردە یەکێک لە یاوەرەکانی و پێیگوت: بنووسە جەنەراڵ بەر لە مردنی هاواری دەکرد: بژی فەرماندەی لەشکر ناپلیۆنی گەورە.... ناپلیۆن توانی ئەم قسانە بە سکرتێرەکانی بنووسێتەوە، بەڵام نەیتوانی بیانکاتە ڕاستییەکی مێژوویی سەلمێنراو (2). ئەمەی ئەم بیرەوەریانەش شتێکە ئاوا، ئەگەرنا کێ ئەمەی لەو هۆڵی مۆسیقایە هێنایە دەرەوە، سەرانی کودەتاکە؟ بروا ناکرێ ئەوان ئەو شکۆیە بۆ دوژمنەکەیان تۆمار بکەن.

بژی حیزبی شیوعی؟! نووسەر خۆی چەند لاپەڕەیەک پێشتر دەڵێ: (عەبدولکەریم ڕێبازێکی شلۆقی بەرامبەر حیزبە سیاسییەکانی عێراق هەبوو، دوای هەوڵی تیرۆرکردنیشی، وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی سرێ) . دەبوو نووسەر لەم باسەدا زیاتر پێدا بهاتبا، دەستنیشانی ئەو لایەنەشی بەرەوانی بکردبا، چونکە یەک لە قۆناغە گرنگەکان بوو کە حیزبەکەیانی پێدا تێپەڕی و خۆی لە بەغداوە هاتبووەوە ناو شار.

لە باسی کانی ماسی و ئەوانەی سەرکردەی کاژیک بوون و دیاربوون، هەروا ڕاگوزەر پێدا تێدەپەڕێ، ناونابات! بەڵام داوایان لێ دەکات تاوانی زۆر لە کانی ماسی گەورەتر کە دەرهەقی کراوە، نە حیزبەکە و نە خاوەنانی بیرەوەرییەکان ناچن بەلایاندا و خۆیانی لێ دەبوێرن. لەوە دەچێ ئەم ئەرکەیان جێهێشتبێ بۆ کەسانێک کە بەپێی هەواو بۆچوونی خۆیان جار جار لەسەری بێنە قسان، دیارە ئەوانەش بەدەر نین لە هەڵەو لەبیرچوونەوە. یان دەستی ئەنقەست.

وەک پێشتر گوتم، ئەم تاوانانەش دیسان دەچنەوە خانەی خەڵات و بەراتەکانی حوکمی جەمهوری کە لە 14/7/1958دا گەلانی لەخشتەبراوی عێراق شایی لۆغانیان بۆ دەگێڕا.

لە لاپەڕە -125ـەوە دەستدەکات بە گێڕانەوەی ژیانی حیزبایەتییەکی خۆی لەناو حشع- دا، کە لە ئابی 1963 لە سلێمانییەوە دەگەڕێتەوە بەغدا، لێرەوە بەخۆداچوونەوە لە ڕێڕەوی حیزبەکەی، سیاسەتی تەحریفیی حیزب کە ملکەچ بووە بۆ فەرمان و ڕێنماییەکانی سۆڤیەت، تا بەرەو کارەساتی 8/2/1963 و دواتری بردن.

بانیخێلانی لەمبارەیەوە دەڵێ: (حیزب بیویستایە دەیتوانی بەئاسانی حوکم بگرێتە دەست، بەڵام هیچ نەخشە و بیرێکی وا لەخەیاڵیشدا نەبوو. کە دەڵێم دەمانتوانی، ئایا دەمانتوانی حوکمەکە بپارێزین؟ وەزعێکی وەک ئەفغانستانی ئەم ساڵانەی دوایی دروست دەبوو – بیرەوەرییەکان ل 170).

هەروا دێتە سەر ئەو سیاسەتی (مهادنة)یەی حیزب و خۆبەدەستەوەدانی دوای 18ی تشرینی دووەمی 1964ی کودەتای عەبدوسسەلام و گەیشتن بە ئاستی (بەیاننامەی ڕووڕەشی ئابی 1964. ل 130) بۆ نێزیکبوونەوە لە حوکمی عارفی تارادەی دەمجکردنی حیزب لەناو (اتحاد الاشتراكي العربي) . ئەمە وا لەو کۆمەڵە کادرە دەکات کە بکەونە ململانێیەکی فیکری و ڕێکخراوەیی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیدا و (تیمی کادر) پێکبێنن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی کاری حیزب بەپێی بار و ڕەوشە تازەکە، تا ئەم (فريق من كوادر الحزب)ـە دێنە سەر ئەوەی خەبات بکەن بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەڕێی کودەتای سەربازی یان کاری شۆڕشگێڕیی چەکدار. بەمجۆرە حیزبی شیوعی دووکەرت دەبێ بۆ (شۆڕشگێڕ و ناشۆڕشگێڕ) دیارە بە بۆچوونی نووسەر.

بەرهەمی شۆڕشگێڕ ڕاپەڕینی زۆنگاوەکان دەبێ لە 1/6/1968، ئەو ئەزموونە سەرنەکەوتووەی کە بێ بەرنامە و خۆئامادەکردنی تەواو، لە ژینگەیەکی نالەباری نەشیاو بۆ کارێکی وا مەترسیدار، بەپێچەوانەی شاخ و دوندەکانی کوردستان و خەڵکەکەی کە باوەشیان بۆ شۆڕشەکەیان گرتبووەوە. گیڤارا و کاسترۆش شاخ و ناودۆڵەکانی سیرامایسترا نەبووایە ئەگەری ئەوە زۆر بوو پاتیستای دیکتاتۆر تەفروتونای بکردنایە و چارەنووسیان بەوەی زۆنگاوەکانی عێراق بگەیشتایە. جگە لە فاکتەری سەرەکی کە خۆی لە قەبووڵکردن و گرتنە ئامێزی خەڵکی دەڤەرەکەدا دەبینێتەوە. نووسەر خۆیشی دەزانێ (ئەمە یەک لە پرەنسیپەکانی ماوتسی تۆنگە بۆ شەڕی چەتەگەری).

نووسەر هیچ باسێکی چۆنێتی بەرپابوون و ئامادەکارییەکانی ئەم ڕاپەڕینە ناکات، یان (عەزیز ئەلحاج) چ دەورێکی تێدا هەبوو؟ چۆن خۆی ڕادەستی دەزگەکانی موخابەرات کرد و لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەوە چی لەهەگبەکەیدا بوو هەڵیڕشت؟ لە پاداشتدا ڕژێمیش کورسییەکی دکتۆرای لە سۆربۆن بۆ زامن کرد، ئیدی لە پاریسەوە کەوتە نووسینی ئەزموون و تەحلیلاتەکانی خۆی لە گۆڤارەکانی (الوطن العربي، الدستور، كل العرب) کە ئەمانە لەلایەن بەعسەوە سپۆنسەر (بەئیستیلاحی ئەمڕۆ) دەکران. بەداخەوە گشت ئەمانە دەپەڕێنێ و بەسەریاندا باز دەدات و لەپڕ لەلاپەڕە 185ـەوە تیمی کادران کە بوونەتە (قیادەی مەرکەزی) و لە (کانی سپیندار) ی کوردستان سەرهەڵدەدەن، بێئەوەی ڕیزبەندی ڕووداوەکان، لە شکستی هۆڕەکانەوە تا ئەوکات بخاتەڕوو. دیارە ئەمە بۆیە لێی داوا دەکرێ چونکە خۆی یەک لە سەرکردە هەرە کاراکانی ئەو ڕەوتەی حیزب بووە.

یەک لە کەلێنەکانی تری ئەو نارێکییە لە زنجیرەی ڕووداوەکاندا، بۆ نموونە، لە بەشی (ڕێکخستنەکانی حیزب لە سوپای عێراقدا. ل 193)، زۆر نابا دەچێتەوە سەر کێشە و ململانێکانی ناوخۆیان و پرۆژەی باڵە جیاجیاکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و (کۆبوونەوەی 65). لەلاپەڕە 221 دێتە سەر (چەند بەسەرهاتێکی ژیانی سەربازی) کە لە ڕاستیدا دەبوو ئەم دوو باسەی ل 193 و 221 تەواوکەری یەکتر بوونایە. لەو ژیانە کەمەی ناو سوپادا کە نووسەر تێیدا بووە، خەیاڵ و بیرۆکەی کودەتا لە کەللەی ئەو چەند ئەندامە عەسکەریانە دەدات کە پلەی هەر کامیان ناگاتە (ملازم اول) ، وەک ئەو پەتایەی کە (بەکر سدقی 1890 – 11/8/1937) لە ڕۆژی 29/10/1936دا وەشاندی، تووشی ئەمانیش بووبێ. دیارە فاکتەری سەرەکی بۆ ئەم بیرکردنەوەیان، تۆڵەکردنەوە بووە لەو کوشتارە وەحشیگەرییەی کودەتاچیانی شوباتی 1963ی بەعس بەرامبەریان کردن.

جا وەرە وێنای ئەوە بکە گەر خواست و ئامانجی ئەم گەنجە دڵگەرمانە بهاتبایە دی، دەبوو چ لافاوێکی خوێن دیسان لە بەغدا و عێراقدا هەڵسایە؟ تەنیا وەک ئەگەرێ، ئەگەرنا زۆر ئەستەم بوو بتوانن ئەوە بکەن، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: بەو پێشینە دوورەی خەباتی حیزبییانەوە و بەو بنکە جەماوەرییەوە، بەڵام هێشتا ئەو توانا و هێزەی ساڵی 58 – 59ی مەددە شیوعییەکەی ئەوسایان نەبووە کە ڕاپەڕینی سەرتاسەریی جەماوەری پێ ڕێکبخەن و بەرپای بکەن.

دووەم: لە سوپادا هەوادار و ڕێکخستنێکی لەو ئاستەیان نەبوو کودەتا بکات، کاری کودەتای سەربازی زۆرتر بەو ئەفسەرە پلە باڵایانە دەکرێ کە دەسەڵات و لایەنگری تری هاوشانیان هەبێ لە یەکە سەربازییە جۆربەجۆرەکان و سەربازگەکاندا، ئەمان ئەگەر ئەو سەرکێشیەشیان کردبا، لەوەی (3/7/1963ی حەسەن سەریع) باشتر نەدەبوو.

(بڕوانە ل 131و دوای ئەوی بیرەوەرییەکان). کەواتە لێرەدا بۆچوون و لێکدانەوەکەی مەلای بانیخێلانی کە پێشتر ئیشارەمان پێدا، واقیعیتر و ژیرانەتر بووە.

هەڵسەنگاندنێکی باش و بابەتیانەی شۆڕشی ئەیلوول و دەسپێکی ئەو شۆڕشە کە چۆن لە سەرەتادا بەربەرەکانی کۆمەڵێ سەرۆک عەشایر بوو دژ بە قانوونی چاککردنی زەویوزار و دیاریکردنی ئاستی موڵکایەتی بۆ ئەو سەرۆک هۆزانە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر توانی (ئیحتیوا) ی ڕەوشەکە بکا و بیکاتە شۆڕشێک بۆ بەدیهێنانی داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و جێبەجێکردنی کردەیی ماددەی سێ لە دەستووری کۆماری عێراق. پەیوەندیی خۆیان (قیادەی مەرکەزی) بەو شۆڕشەوە و دواجار ڕێککەوتنە بەدناوەکەی جەزایری 1975 کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشەکە. نووسەر بە هوشیارییەوە دێتە سەر باسی (هۆیەکانی شکستی 1975 – ل 353 ) کە بوونە فاکتەری ڕوودانی ئەو شکستە لەناوەکی و دەرەکی، دواجار ئەو دوو هۆکارە بنەڕەتییە کە کاتی دەستبەرداربوونەوەکەیان یەکلاکردەوە:-

* تێکشکانەکانی پایزی 1974 بەرامبەر سوپای عێراق کە چەند ناوچەیەکی ڕزگارکراوی گرتەوە و دوایی بۆ شۆڕش نەدەگیرایەوە .... ئەمە ئێرانی ترساند لەوەی شەڕ بکەوێتە سەر سنوورەکەی.

* سازشکردن و ملکەچکردنی عێراق بەرامبەر ئێران کە وازی لە مافی عێراق لە ئاو و خاک و سەروەریی نیشتیمانی هێنا. ل 364

ئەوی جێی سەرنجیشە، نووسەر باس لە هیچ چالاکییەکی پێشمەرگایەتی و شەڕێکی ئەو باڵەی خۆیان ناکات کە لەو حەلەدا بەرامبەر سوپا و جاشی عێراق کردبێتیان، خۆ هەڵوێستی باڵەکەی تری حیزب (لیژنەی مەرکەزی) ئەوە ئاشکرا بوو کە لە (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) دا بوو

**(هوتافە مەردانەکانیان بە هەر بژی گەلی عێراق و حیزبی شیوعی– ل 110) ئەوە شتێکی خەیاڵئامێزە، نە ئەوکاتە پڕ لە بیم و شپرزەییە بواری ئەو جۆرە هوتافانە دەدا و نە ئەو چوارەش ئەندامی حیزب بوون تا بە ژیانیدا هاوار بکەن.**

لەگەڵ حکومەتی بەغدای ئەوکات.

دواجار دەڵێ: (لەگەڵ دەربڕینی هەموو ئەو ڕەخنە و کەموکووڕی و هەڵە گەورانە، شۆڕشی ئەیلوول هێشتا هەر بە یەکێک لە شۆڕشە گەورەکانی گەلی کورد ئەژمێررێت، کە بۆ هاتنەدی ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کوردستان خەباتی خوێناوی و درێژی کرد. ئەنجامی تێکشکاندنی ئەو ڕۆژانە و بەڵگەنامەکانی دوای شکستەکە ئەوەیان ئاشکرا کرد کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول هەڵەیان کردووە، کەموکووڕیان هەبووە، بەڵام نۆکەری هیچ هێزێک و هیچ دەوڵەتێک نەبوون. ل 366 )

گرنگیی ئەم شایەدییە لەوەدایە کە لە کەسێکی دیاری باڵێکی شۆڕشگێڕی حیزبێکی مارکسی- لینینییەوە کە تا دوا ڕۆژەکانی شۆڕشی ئەیلوول بەشدار بووە لە شۆڕشەکەدا و ئاگاداری گشت چالاکییە هەمەلایەنەکان بووە، سا بە حوکمی پێگە سیاسیەکەی بووبێ یان وەک کەسێکی دیار و کۆمەڵایەتی نێزیک لە سەرانی شۆڕش... بەدەر لەوانەی لە شار پاڵیان دابووەوە، یان لە هەندەرانەوە لە تەڕ دەیانخوارد و لە وشک دەنووستن، بە مەبەستی سیاسی گوماناوی و چەواشەکاری، بە هەر چوارلادا کەوتبوونە تۆمەتبارکردن و ڕەخنەی کاڵوکرچی عەوام خەڵەتێن لەو شۆڕشە بەشکۆیە و ڕابەرە مەزنەکەی (مستەفا بارزانی).

(1) ذاكرة عراقية، ملحق المدى ، ع 2792 – 13/12/2012 ص 13 . عبداللطيف السعدون: عبدالكريم قاسم والأذاعة العراقية

(2) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو.... دار افاق عربية بغداد 1983 ل 10

# ئەو منداڵەی دەبێ گەورەکان بیخوێننەوە

شادی نیکخا




موسافیری هەسارەی ب 612 و سەفەرەکەی بەنێو 7 هەسارە و 7 وێستگەدا، لە زاری فڕۆکەوانەکەوە، دەستپێدەکات. سەفەرێکی منداڵانە بۆ جیهانێکی مەزن لە مانا و چەمکەکانی ژیان.

(شازادە چکۆلەکە) نووسینی (ئەنتوان دێ سانت ئێگزۆپێری)، نووسەر و فڕۆکەوانی فەڕەنسی، تا ئێستا بۆ زیاتر لە 250 زمانی جیهان وەرگێڕدراوە، زیاتر لە 200 ملیۆن بەرگی لێ فرۆشراوە و پاش ئینجیل، پڕفرۆشترین و پڕخوێنەرترین کتێبی یەک بەرگیی جیهانە و بە کتێبی یەکەمی سەدەی بیستەمی فەڕەنسا تۆمار کراوە.


پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکە منداڵە؛ گێڕانەوەکە بە زمانێکی شیرین و ساکاری منداڵانەیە؛ تەعبیری منداڵانە و سادەی پاڵەوانەکە بۆ بینراوەکانی؛ دووپاتبوونەوەی بەردەوامی ئەم رستەیە کە "مرۆڤە گەورەکان چەندە سەیرن!" و ئەو وێنە منداڵانە و رەنگینانەی کە نووسەر بۆ روونکردنەوەی زیاتر و وەسفکردنی دیمەنەکان کێشاونی، رەنگە هەموو ئەمانە وابکات لە روانینی یەکەمدا پێمان وابێ ئەم کتێبە تەنیا تایبەتە بە منداڵان و مێرمنداڵان.

بەڵام لەڕاستیدا چیرۆکەکە بە زمانێکی سوریالیستی، فەلسەفە و بۆچوونەکانی نووسەر سەبارەت بە جیهانی هەستی و خۆشەویستی و چەمکەکانی تایبەت بە مرۆڤە گەورەکان دەخاتەڕوو. هەرکام لەو هێما و کاراکتەرانەش کە لە چیرۆکەکەدا دێنە ئاراوە و شازادە چکۆل بەریاندەکەوێت، بەجۆرێک گوزارشت لە یەکێک لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی مرۆڤە گەورەکان دەکەن. بەڵام بەشی گرینگی بەسەرهاتی ئاشنابوونی شازادە چکۆل بە مرۆڤ و ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە مرۆڤ و بەرامبەر مرۆڤ دەیانوروژێنێ، لەگەڵ دابەزینی بۆ هەسارەی حەوتەم، واتە زەوی، دەستپێدەکات.

خوێندنەوەی چیرۆکەکە، بە ڕستە ساکار و کورت و پڕواتاکانی، هیچی کەمتر نییە لە چێژی خوێندنەوەی شیعری رۆمانسی و گوێگرتن لە مۆسیقا و بینینی تابلۆی رەنگاوڕەنگ. گەر پاش یەکجار خوێندنەوەی کتێبەکە، پێت بڵێن جارێکی دیکە بە وردی ئەم کتێبە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بتوانی هەندێ لە رستە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی دەستنیشان بکەی،



وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)

"– بێزەحمەت بەرخێکم بۆ بکێشە!"

سەدان میل دوورتر لە هەر ئاوەدانییەک، لە شوێنێک لە بیابانی ئەفریقادا، فڕۆکەوانەکە خەریکی چاککردنەوەی مۆتۆڕی فڕۆکەکەیەتی، بەم دەنگە پێداگرەی شازادە چکۆل کە هیچ لە کەسێکیش ناچێت رێی ون کردبێت، تووشی حەپەسان دەبێت.

بەڵام فڕۆکەوان لە نیگارکێشی، تەنیا دوو وێنە دەزانێت کە لە منداڵیدا کێشابوونی.

وێنەی یەکەم، مارێکی بوا کە سکی بەشێوەیەکی نائاسایی گەورەیە.

وێنەی دووەم، ناو سکی مارەکە پیشان دەدات کە فیلێکی تێدایە و مارەکە قووتی داوە.

بەڵام گەورەکان هەر کە وێنەی یەکەمیان بینی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەیدا کە: "ئایا لەم وێنەیە دەترسن؟" گوتیان: "جا کڵاو کەی ترسی هەیە؟"

بەم چەشنە فڕۆکەوان هەر لە شەشساڵیدا وازی لە بەهرەی نیگارکێشی هێنا. ئاخر "گەورەکان بۆ تێگەیشتن لە هەر شتێک پێویستیان بە روونکردنەوەیەکی زۆرە و بۆ منداڵانیش بێزارکەرە هەموو شتێک بۆ گەورەکان روون بکەنەوە."

بەڵام وێنەی یەکەمی مارەکە لە دەرەوە، بوو بە پێوەرێک بۆ فڕۆکەوان بۆ هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی کەسانی دەوروبەری و تا ئێستا لەبەرئەوەی هەموو کەس وێنەی یەکەمیان بە کڵاو زانیبوو، تەنیا و بێ هاوڕێ ژیانی بەسەردەبرد.

گوتی: "بەڵام من وێنەکێشان نازانم."

شازادە چکۆل گوتی: "قەیناکا، بەرخێکم بۆ بکێشە!"

بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بە بێزارییەوە هەمان وێنەی یەکەمی بۆ کێشایەوە.

شازادە چکۆل گوتی: "من وێنەی فیلێکم بۆ چییە لەنێو زکی مارێکی بوادا؟! مارترسناکە و فیلیش زۆر گەورەیە، لە ماڵەکەی مندا جێی نابێتەوە، من پێویستم بە بەرخێکە."

لێرەوە بەسەرهاتی شازادە چکۆل، بێگومان تووشی وەسواس دەبیت و هەڵبژاردن لەلات ئەستەم دەبێت.. بەڵام رەنگە دیالۆگەکانی نێوان شازادە بچکۆلە و ڕێوییەکە، جوانترین بەشی چیرۆکەکە بێت کە جگە لەوەی زۆر جێگای تێڕامانە، مرۆڤ هەرگیز لە خوێندنەوەی بێزار نابێت.

"ڕێوی گوتی: تۆ ئەگەر هاوڕێت دەوێ وەرە و من کەوی (ماڵی) بکە!

شازادە چکۆل گوتی: کەویکردن واتا چی؟

ڕێوی گوتی: واتا دروستکردنی هۆگری.

تۆ ئێستا بۆ من منداڵێکی وەک سەدان هەزار منداڵی دیکە. نە من پێویستم بە تۆیە و نە تۆ بە من. منیش بۆ تۆ ڕێوییەکم وەک سەدان هەزار ڕێویی دیکە، بەڵام گەر تۆ کەویم بکەی، ئەوسا هەردووکمان پێویستمان بە یەکدی دەبێ، تۆ بۆ من تاقانە دەبیت لە هەموو جیهاندا و منیش بۆ تۆ... بۆ نموونە سەیری ئەو مەزرای گەنمە بکە. من نان ناخۆم. گەنم هیچ سوودێکی بۆ من نییە و هیچم بیرناهێنێتەوە. بەڵام قژی تۆ رەنگ ئاڵتوونییە. کاتێک تۆ منت کەوی کرد، گەنم کە ئاڵتوونی رەنگە، تۆم بیر دەهێنێتەوە، ئەوسا حەزم لە گڤەی باش دەبێت کە کەروێشکە بە گەنمەکان دەکات. تکایە وەرە کەویم بکە.

شازادە چکۆل گوتی: حەز دەکەم، بەڵام کاتم نییە. زۆر شت هەن کە دەبێ بڕۆم بیانناسم.

ڕێوی گوتی: تەنیا دەتوانی ئەو شتانە بناسی کە کەویت کردوون، مرۆڤەکان چیتر کاتیان بۆ ناسینی هیچ شتێک نەماوە. هەموو شتەکان بە حازری لە دوکانەکان دەکڕن. بەڵام چونکە کەس نییە هاوڕێ بفرۆشیت، مرۆڤەکان چیتر هاوڕێیان نییە. تۆ ئەگەر هاوڕێت دەوێ، وەرە و من کەوی بکە!"

کتێبەکە بۆ منداڵان پڕە لە دیمەنی بزوێنەری خەیاڵ و وانە و ئامۆژگاریی شیرین. بۆ گەورەکانیش جگە لە ناسینەوەی دووبارەی خود، گەڕانەوەیە بۆ دونیای راستگۆیانەی منداڵی، ئەو منداڵییەی هەر کەسێکمان لە سووچێکی ناخماندا شاردوومانەتەوە. هەندێکمان بە وریاییەوە پاراستوومانە و هەندێکمان هەوڵی سەرکوتکردنیمان داوە. بە گشتی لە چیرۆکەکەشدا منداڵ ئاماژەیە بۆ پاکیی جەوهەری مرۆڤ.

تۆی خوێنەر ئەگەر ئەم شاکارە ئەدەبییەت خوێندووەتەوە، خۆت لە چێژی دووبارە خوێندنەوەی بێبەش مەکە، ئەگەر تا ئێستا نەتخوێندووەتەوە، با لە کاروانی سەدان ملیۆنیی خوێنەرەکانی جێنەمێنی، ئەگەریش دەتەوێ منداڵ و مێرمنداڵێکی خۆشەویستت هۆگری خوێندنەوە و کتێب بکەی، شازادە چکۆلەکە جوانترین و باشترین دیارییە کە دەتوانی پێشکەشی بکەی.

**تێبینی: ئەم کتێبە لەلایەن چەندین وەرگێڕەوە بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە.**

# کۆمەڵکوژیی کوردی ئێزدی لەچاوی سەلیم بەرەکاتەوە

بەسام مستەفا

سەلیم بەرەکات بە عەرەبی دەنووسێ، بەڵام هەمیشە مژار و ناوەڕۆکی نووسینەکانی کوردین. دوایین رۆمانی بەرەکات کە ئەمساڵ لەلایەن دەزگای عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە چاپکراوە، لەبارەی ئەو کۆمەڵکوژییەیە کە لە ئابی 2014دا، لەلایەن جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەرحەق بە کوردی ئێزدی کرا.

رۆمانەکە بەناوی (سبایا سنجار) یان (کەنیزەکەکانی شنگال)ەو چیرۆکی ئەو ژنانە دەگێڕێتەوە کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێنران و «سەبی» کران، واتە وەک تاڵانی و دەستکەوتی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ کرا، هەموو ئەمەش لە سەدەی بیست و یەکەمدا

رۆمانەکە لە 445 لاپەڕە پێکدێ و بیست و سێیەمین رۆمانی سەلیم بەرەکاتە. نووسەر بە پێچەوانەی رۆمانەکانی پێشووی کە بە زمانێکی ئاڵۆز نووسراون، لەم بەرهەمەیدا زمانێکی سادە و ئاسانی بۆ گێڕانەوە بەکارهێناوە.

کاراکتەری سەرەکیی رۆمانەکە شێوەکاری کورد (سارات)ە کە لە سوێد نیشتەجێیە. سارات لە زۆر رووەوە لە سەلیم بەرەکات دەچێ، هەرچەندە بەرەکات نکۆڵی لەوە دەکات کە شێوەکار بێ، بەڵام دەستی وێنەکێشانی هەیە و خۆی وێنەی بەرگی زۆربەی بەرهەمەکانی دەکێشێ.

سەلیم بەرەکات رۆمانەکەی بەسەر 10 بەشدا دابەش کردووە، هەر بەشێک بەناوی تابلۆی یەکێک لە شێوەکارانی جیهانە. هەموو کارەکتەرەکانی رۆمانەکە، کەسانی مردوون. پێنج کچی ئێزدی بە ناوەکانی (شاهیکا، ئانیسا، نیناس، کیدیما و یادا) وەکو پەنابەر دەگەنە سوێد. پاشان چوار چەکداری قاڵبووی تاوانی کوشتن و تاڵان و سەبیکردن بە ناوەکانی (عەدنان، ئیحسان، عەلی و سەعدون) کە ئەندامی داعشن، لە نزیک ماڵی سارات نیشتەجێ دەبن.

سارات هەوڵ دەدات تابلۆیەکی چیای شنگال بکێشێ، بەڵام ئازاری داگیرکردنی ناوچەی شنگال و دڕندەیی ئەوانەی داگیریان کرد، لەوە گەورەترە کە لەسەر پەڕۆیەکی سپی بنەخشێنرێ. ئەو هەرچەندی دەکات ناتوانێ وێنەی رۆژهەڵاتێکی بێسەروبەر لە نێو خوێن و کوشتندا بکێشێ. ناتوانێ ئێش و ناسۆری تاڵانکردن، دیلی، کوشتن و سەربڕین وێنە بکات.

سەلیم بەرەکات لە پەرەگرافێکی رۆمانەکەدا دەڵێت: «لە رۆژهەڵاتێک کە من لێوەی هاتووم، هیچ شتێک پێویستی بە دەستوورخواستن نییە، چەوساندنەوە و تەفروتوناکردنی گەلان پێویستی بە روخسەت نییە. خاپوورکردنی وڵاتان پێویستی بە مۆڵەت نییە». لەبارەی رەنگی سپیی قوماشەکەی ساراتیشەوە دەڵێت: «سارات، چیای شنگال وەکو هەیە بکێشە. شنگال چیایەکی خەمگینە».

بەرەکات بە زمانێکی سادە و راستەوخۆ رەخنە لە دەوڵەتانی گەورەی وەکو رووسیا و ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتیش تورکیا و ئێران دەگرێت. ئەوان وەکو هۆکاری ئەو بەڵا و کارەساتەی سووریا دەبینێ. بەتایبەتی رەخنە لە پشتگیریی رووسیا و ئێران بۆ سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەد دەگرێ.

بەرەکات لەسەر دڕندەیی چەکدارانی خەلافەت دەوەستێ و لەلاپەڕە 139 — 140دا دەڵێت: «بانگخواز بە منداڵانی گوت: ئێستا ئێوە چی دەکەن؟ منداڵەکان بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە: ئێمە کافر و بێدینان دەکوژین. بەڵام بانگخواز رووی گرژ دەکات و دەڵێت: ئێوە ئەوان وەها بە نەرمونیانی دەکوژن؟ منداڵەکان هار دەبن و دەڵێن: نەخێر، ئێمە سەریان بە چەقۆ لێدەکەینەوە. هەر یەک لە منداڵەکان چەقۆکانیان لە جانتاکانیان دەردێن».

لە بەشی کۆتایی رۆمانەکەدا لە ناکاو سەگێکی گەورە، پەلاماری ماڵی ساراتی شێوەکار دەدات و نێو ماڵەکەی سەراوبن دەکات. سارات رەنگە رژاو و تێکەڵبووەکان هەڵدەگرێتەوە و لە دیواری خانووەکەی دەدات. وەک ئەوەی بیەوێ رووی راستەقینەی ئەو قۆناغ و سەردەمە، ئاڵۆزی و کوشتنی لە رادەبەدەری ئەم رۆژهەڵاتە زامدارە، وێنە بکێشێ.

